# ئێمە دەبێت جدی بین یەك دەست و یەك پارچەی
# ئەم رێكخراوەیە گەورەو بەهێز بكەین




## ووتەی  زۆزان حسین لەسەر كۆنگرەی فیدراسیۆن

گرتنی كۆنگرەی فیدراسیۆن گرنگی یەكی ئەوتۆی هەیە بۆ پەنابەرانی عیراقی بە تایبەتی كیشەی پەنابەرانی عیراقی یەكیكە لە كیشە گرنگەكان كە پانتای دنیای داگیركردوە بەهۆی شەرو داگیركاری ،بەپێ سەرژمێرە رەسمیەكان ئێستا ریژەی پەنابەری عیراقی بەرزترین نیسبەی داگیركردوە رۆژ نیە لەمیدیاكاندا باس نەكرێتن هیچ لایەنێك خۆی لێ بەرپرس ناكات هەریەكە خەریكن قازانجی خۆی لێ دەكەن.بۆیە من دەلێم ئەم كۆنگرەیە هەموو ئەوانەی دیفاع لەپەنابەران دەكەن پێكەو كۆبنەوە ریگا یەك بۆ ئەم كیشەیە بدۆزنەوە .

هیدوادارم كۆنگرەی فیدراسیۆن بتوانێ كۆنگرەیەكی سەركەوتووبێت پێ داگر بێت لەسەر چارەنووسی پەنابەرانی عیرقی و دیفاع یان لێ بكات ،كۆنگرە خالێكی بنەرەتی بێت بۆ بەهێز كردنی رێكخراوی پەنابەری و هەموو رێكخراوەكانی تریش پێوەی پەیوەستبن تا بەهیزتربین بتوانیین كاریگەری زیاترمان هەبێت.

ئومیدم ئەوەیە كۆنگرە وەرچەرخانێكی گەورە دروست بكات لەدنیای پەنابەریدا كە سەرنجی دنیا رابكیشێت.بە تایبەتی سیاسەتێك كە لە ئارادایە گرنگە فیدسیۆن بتوانێ حەقەكانی پەنابەری بچەسپێنێ چونكە ئێمە خاوەنی وولاتێكی داگیركراوین و بەردەوام شەپۆلی وولات بەجێهێشتن لە زیاد بووندایە.

ئەبێت ئێمە جدی بین بە یەكدەستی و یەك پارچەی ئەم رێكخراوەیە گەورە و بەهێز بكەین وەلامێكی سیاسی بدەینەوە بە دنیا بۆ چارەسەی كیشەیەك كە روو بەرووی پەنابەرانی عیراقی یە.

من بانگەوازی سەرجەم جالیەی عیراق وپەنابەران ئەكەم بە تایبەتی لەم كۆنگرەی بەشداری بكەن و پێكەو بەهیزێكی گەورەتر  بتوانیین خۆمان ئامادەبكەین بۆ كارەكانی داهاتوومان.

بە بروای من فیدراسیۆن رێكخراوەیەكی ئینسان دۆستە ودورە لە هەموو بیركردنەوەیەكی قەومی و عەشیرەتی بە بێ جیاوازی دیفاع دەكات لە هەر ئینسانێكی عیراقی كە ئەو وولاتەی جێهیشتوە لەبەر كوشتن و برین و داگیركاری .

ئێمە لەپشتی پەنابەرانیین من تا ئیستا لە وولاتی سوید لە چەند شار خۆپیشاندانی گەورەم رێكخستوە لە چەند كەنالی تەلەفیزیوونی و رادیوكان و رۆژنامەكان چاوپێكەتنم سازداوە وەیان  بە ناوی فیدراسیۆنەوە ،پێم خۆشە ئەوە بلێم چەند سال بەر لە ئێستا ووتیان كەسانێك هەن لەسوید ئیش بۆ پەنابەران دەكەن زۆرم پێ خۆش بوو ئەو كەسانە بناسم كاتێك تەلەفونم بۆ كردن ئەوان رێكخراویان هەبوو ئیشی باشیان بۆ پەنابەرانی كوردو عیراقی دەكرد بێ جیاوازی منیش لەو رۆژەوە بریارم دا كارم بكەم لەگەڵ ئەو رێكخراوەیە .

داواکارم لەپەنابەران ئێمە رێکخراوەیەکین بۆ دیفاع لەپەنابەران و مافەکانی خەبات دەکەین وەرن لەگەڵماندا بەشداربن لە کۆنگرەکەمان تا بتوانین کاری گەورەتربکەین.